کۆمسیۆن: سکاڵا تۆمارکراوەکانی هەڵبژاردن زۆردن

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان جەختیکردەوە، سکاڵا تۆمارکراوەکانی هەڵبژاردن زۆردن ، و هیچ سکاڵایەکی سوور تۆمارنەکراوە.

ئەنیبراس ئەبو سەودە جێگری وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاند، ئەو سکاڵایانەی لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقن، بە ڕەنگی سەوز و زەرد پێڵەنکراون، هیچ سکاڵایەک نەچووەتە پێڵەنی سوورەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، هیچ کام لەو سکاڵایانەی تۆمارکراون لە ئەگەری یەکلابوونەوەیان کاریگەریی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دروستناکەن.